# کێشەی کاریکاتورەکان و رووناکبیری کورد

**خەلیل غەزەڵی**

xelilxezel@yahoo.com



لەوکاتەوە کە کێشەی "کاریکاتورەکان" لەسەر موحەمەد پێغەمبەری موسوڵمانان هاتووەتە ئاراوە، زۆر هەڵوێست و ڕا و بۆچوونی جیاواز لەمبارەوە بڵاو بووەتەوە. بەشێوەیەک ماڵپەڕ نییە یەک یا چەن بابەتی لەسەر بڵاو نەکردبێتەوە.

بێگومان لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلام ئایینی بەشی هەرە زۆری گەلی کوردیشە، ئیمەش خوازراو یا نەخوازراو تێکەڵی ئەم تەنگەژەیە بوین. هەر ئەوەشە کە رۆژانە لەمبارەوە لەگەڵ قسە و بۆچوونی جۆربەجۆر رووبەروو دەبین.لەم پێوەندیەدا بەشێک لە رۆشنبیرانی ئێمەش قەلەمیان وەگەڕ خستووەو ڕای خۆیان دەربڕیوە.بەباوەڕی من کاتی هەڵوێست گرتن لەمبارەوە دەبێ وریا بین کە دەربڕینی ئێعتراز و هەستی خەڵکانی موسوڵمان لە گەڵ کردارە نامەدەنی ووەحشیانەکانی ئیسلامی سیاسی تێکەڵ نەکەین. کارێک کە بەداخەوە لەلایەن زۆر رۆناکبیرەوە تا ئیستا ئەنجام دراوە.

ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ زیتر لە یەک میلیارد خەڵک رێرەوی ئاینی ئیسلامن. ئەوەش دەزانین کە هەموو ئەم حەشیمەتە فاناتیک نین. بەڵکە ئەوە ژمارەیەکی زۆرکەمن کە ئایین و سیاسەتیان تێکەڵ کردووە و خستوویانەتە بواری فاناتیزمەوە. رووناکبیری ئێمە دەبێ کاتێک باوەڕی بە ئازادیی بێمەرجی بیروڕایە،ئەو مافەش هەم لە کردەوە و هەم لە نووسینەکانیدا رەچاو بکات. بۆیە لەکاتی نووسیندا دەبێ ئاگاهانە سنووری ئیسلامی سیاسی لە موسوڵمان بوون (وەک باوەڕێکی تایبەتی) جیا بکاتەوە. بەداخەوە لەم رۆژانەدا نووسینی وا دەبینین کە بە تەعەسوب و چەشنێک قینەوە دەنووسرێن. واتا ڕاست هەر ئەوکارەی کە فاناتیک و دواکەوتووەکان دژی بیری پێشکەوتنخوازی و چەپ دەریدەبڕن،ئەمانیش هەروا بە بێ لۆژیک هەرچی ئیسلام و موسوڵمانە دەخەنە یەک قاڵبی ویشکەوە و بە یەک قەلەم دەیکوتن. لە کاتێکدا هەمومان دەزانین زۆربەی خەڵکی کوردستان کە خۆیان بە موسوڵمان دەزانن،نەک هەر هاوسۆزییان بۆ ئیسلامی سیاسی نییە بەڵکە دژیشی هەڵوێست دەنوێنن.ئەمە بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەژێر چنگی ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتێکی تئوکراتیکدایە زەق و دیارە.

بابە روونی بڵێم کە مەبەستی من ئەوەنییە کە لەسەر ئیسلام یا هەر دینێکی دیکە شت نەنووسرێ و قسە نەکرێ. هەمووکەس بۆی هەیە بەکەڵکوەرگرتن لە ئازادیی بیروڕا و دەربڕین، قسەی خۆی بکات.بەتایبەت نووسینی رەخنە و مشت و مڕی فەلسەفی و لێکۆڵینەوە و توێژێنەوەلە سەر هەر شتێک و لەوانە ئیسلام پێویستیەکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەیە. بەڵام لەسەر ئەم کەیسە (کاریکاتورەکان) هێندێک لە رۆشنبیرانی ئێمە یەکلایەنە قەزاوەت دەکەن و تەنیا یەک لا بەتاوانبار لەقەڵەم دەدەن و لەوەش خراپتر هەموو ئیعترازەکان وەک یەک هەڵدەسەنگێنن .کە

ئەویش بە فاناتیک زانینی هەر ئیعترازێکە. لە کاتێکدابەشێکی بەرچاو لە موسوڵمانان ،بەتایبەت لە وڵاتانی ئوروپایی بە شێوەی هێمنانە و ئیمرۆژی ئیعترازی خۆیان دەربڕیوە و بەشێکی دیکەش کە گرژی و توندوتیژیان بەکار هێناوە،بەزۆری یا داردەستی حکوومەتەکانن یا نوقمی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. کە بەبڕاوی من دەبێ هەموو ئەمانە لێک جیا بکرێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە رۆشنبیرانی ئێمە لەئاست هەوڵە سیاسییەکانی کوتان و تەحقیرکردنی خەڵکانی وڵاتانی "جیهانی سێهەم" لە لایەن حیزب و ناوەندە ڕاستئاژۆ و ڕاسیستیەکانی ئوروپادا کە ئێستە لە زۆربەی ئەم وڵاتانە و بەتایبەت لە دانیمارک دا لە حکوومەتدان یا لە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتە میانەرەوەکان دەوڵەتیان پێک هێناوە، بەتەواوی بێدەنگ ماونەتەوە.

بۆ وێنە گەر چاوێک لە دانیمارک بکەین کە ئەم کاریکاتورانە لەوێوە سەریان هەڵداوە، دەبینین کە ئەوەچەند ساڵە دەوڵەتێکی ڕاست و دژی پەنابەر و بێگانە لەم وڵاتە لە سەرکارە. ئەم دوڵەتە پێک هاتووە لە ئیئتلافی پارتی کونسێرڤاتیڤی کار بە سەرۆکایەتیی "ئاندرسن فوگ راسمۆس" لەگەڵ پارتی ڕاست ئاژۆ و دژی بێگانە و سەررەش، بەناوی"پارتی خەڵکی دانمارک" .لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم دەوڵەتە (وەک دەوڵەتە هاوبیرەکانی لە وڵاتانی دیکەی ئوروپا) چەندین بڕیاری توندی دژی خەڵکانی بێگانەی دانیشتووی دانمارک دەرکردووە. ئەم بڕیارانە بەتایبەت لەسەر پەناخوازان زۆر نائینسانی و بێڕەحمانەن.بەشێوەیەک کە لە ڕاپۆرتی فێدراسیونی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بۆ ساڵی 2005 بە ڕاشکاوی ئاماژە بە پێشێلکاریەکانی دەوڵەتی دانمارک کراوە.هەر ئەم دەوڵەتە باش ئاگادارە کە بە باوەڕی موسوڵمانەکان وێنە کێشانی پێغەمبەرەکەیان "حەرام"ە و سزا دەیگرێتەوە.بێگومان ئەوەش دەزانن کە هێشتا جیهانی ئیسلام لەگەڵ کاریکاتور ئاشنا نەبووە و کاریکاتور بە تەوهین و بێئیحترامی لێکدەداتەوە. بەڵام دەبینین کە هیچ هەنگاوێک بۆ پێشگرتن لە چاپی کاریکاتورەکان هەڵناگرێ. لەکاتێکدا بە پێی یاسا و عورف(لە هەموو شوێنێ) بریندارکردنی هەستی بەشێک لە کۆمەڵ بۆ هیچکەس ئازاد نییە.ئەوەشمان لەبیر بێ کە ژمارەیەکی بەرچاو ی چەند لەسەدیی دانمارک موسوڵمانن کە بەزۆری کۆچەرین.

رەنگە هێندێک کەس ئەمە بە بەرتەسککردنی ئازادیی دەربرین یا پشتیوانی لە موسوڵمامانان لەقەڵەم بدەن .بەڵام وەک پێشتر باسم کرد لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا ئیجازە نادرێ هەستی بەشێک لە خەڵک بریندار بکرێ. ئایا گەر بهاتبا لەباتی وێنەی موحەمەد کاریکاتوری مووسا بکێشرایە یا بەشێوەیەک بە کاریکاتور باسی "هولوکاست" بکرابای .ئاخۆ هەڵوێستی رۆژئاو و دانمارک هەر ئەوەی ئێستا دەبوو؟ بە باوەڕی من نا. چوونکە جوولەکە لە ئاستێکی بەرزدا دەبینن و بەچاوی سووکەوە دەڕواننە موسوڵمان(مەبەست لە موسوڵمان بۆئەوان خەڵکی وڵاتانی "جیهانی سێهەمە" بەبێ جیاوازی فیکریی و مەسلەکی). دیارە مەبەستی من پاسا کردنی ئیعترازە وەحشیانەکان نییە. بە پێچەوانەوە پێموایە ئەم ئیعترازانە بەفریای حیزبە ڕاست رەوەکانی ئوروپا گەیشتوون کە بڵێین جیهانی ئەوان و جیهانی خەڵکانی موسوڵمان بەڕادەی دووجەمسەری گۆی زەوی لێکدوورن.کە بەداخەوە ئەوەش دووکەڵەکەی دەچێتەوە چاوی ئەو کۆچەری و بیانییانەی کەلە ئوروپادا نیشتەجێن. جا چ موسوڵمان بن .یاخۆد هیچ باوەڕێکی مەزهەبیان نەبێت.

گەر بمەوێ کورتی کەمەوە دەڵێم رۆشنبیرانی ئێمە دەبێ عادیلانە رووداوەکان هەڵسەنگێنن و قەڵەمەکانیان دوور لە تەعەسوب و دەمارگرژی بخەنە گەر. بۆیە کاتێک کردارەوەحشیانەکانی موسوڵمانە فاناتیک و دواکەوتوەکان مەحکووم دەکەن،کەبەباوەڕی منیش مەحکوومن. دەبێ مافی ئیعترازی هێمنانەش بۆ موسوڵمانەکان بەرەسمی بناسین و لەهەمانکاتیشدا دەبێ ئامانج و کردارە تەحقیرئامێزەکانی رۆژئاواش باسبکەن و لەقاوی بدەن. من دەڵێم ئازادیی ڕا دەربرین و ئازادیی ئیعتراز بۆ هەمووان دەبێ وەک یەک بێت. واتا سەرەڕای ئەوەی بۆ ئازادیی ڕادەربڕینی خۆمان دەخەبەتین،هاوکات ئەو ئازادیەش تەنانەت بۆ دژبەرابی فیکریی خۆمان دەبێ بەڕەسمی بناسین. ئەمە گەورەترین خاڵی جیاوازیی نێوان رۆشنبیران و تاریک بیرانە.

ڕەشەمەی 2006